# وەلآميَكى  جوان بۆ  سەرۆكى هەريَم

## بمبوورە جەنابى سەرۆك من چۆن بتەكان بشكيَنم ؟

**نەبەز گۆران**

هەمووشەوانيَكى شەممە لەيەكيَك لەكەناڵەكانى فەرەنسا بەرنامەيەك ساس دەكريَت لەسەر سەرۆكى فەرەنسا جاك شيراك و لەناو بەرنامەكەدا ويَنەيەكى سەرۆكى فەرەنسا جاك شيراك دانراوەو لەژيَر ويَنەكەدا بەخەتيَكى گەورە نووسراوە (( گەورەترين درۆزنى جيهان )). هەموو رۆژانيَكى يەك شەممە لەرۆژنامەيەكى ويلايەتى دالأسى ئەمريكا  ووتاريَك لەلايەن نووسەريَكەوە لەسەر سەرۆكى ئەمريكا دەنووسريَت لەژيَر ناو نيشانى (( بووشى ئەحمەق )). هەموو مانگى جاريَك لە زۆربەى رۆژنامەكانى ئيسرائيل هيَرشيَك دەست پيَدەكريَت لەسەر كارە دزيَوەكانى بەرپرسانى ئەو ولأتە .
دوومانگ بەرلەئيَستەش رۆژنامەكانى ليڤەرپول   هيَرشيَكى زۆريان كردە سەر راويَژكارى گەورەى ئەلَمانياو ووتيان ئەم خانمە بەردەوام(  عەيبى  )بەدەرەوەيە .ئەحمەدى شاملوى ئيَران تائەو رۆژەش مرد بە سەرۆكە ئاخوندەكانى ئيَرانى دەوت ( فەقىَ بىَ عەقلَەكان ).
 كەنعان مەكيەش دەلَيَت: ( ئەوە بيَدەنگى بوو سەدامى دروست كرد  )بۆئەوەى هەولَى دروست كردنى بتى تر نەدەين دەبيَت بيَدەنگ نەبين .  كيلينتۆنيش لەكاتى هەلَبژاردنەكاندا بە بووشى ووت :(تۆهيَندەى سەگەكەم بەريَز نيت ) دوايش دەستيان كردە ملى يەكترىو بوونە دوو هاولأتى ئەمريكى. هەفتەى رابردوش رۆژنامەيەكى دانيماركى نووسيبوى
( سەرۆكەكەمان وەك بەرەلأيەك ديَتو دەچيَت)  رۆژنامەيەكى توركيش كاتى خۆى كە تانسۆ چيلەر سەرۆكى حكومەتى ئەو ولأتەبو نووسيبوى ( چيلەر كەلەژورەكەى بوش هاتەدەرەوە زۆر شيَواوبوو پيَدەچيَت بووش حەشرى پيَكردبيَتو چيلەر بەرگەى نەگرتبيَت ).منيش بۆيەكەمجار چەند قسەيەكم لەسەر بەرپرسەكانى ولأتى خۆمان كرد هەراى نايەوە.  ئەمانەو دەيان نمونەى تر هى ئەدەبياتى كارى رۆژنامە نووسين لەولأتانى دەرەوەو  ناوەوەش  , لەوانەيە مۆديَلى رۆژنامەگەرى كورديش بەرەو ئاراستەى يەكيَك لەم تاييانە بچيَت ,خۆباوەر ناكەم لەدەرەوەى ئەم جۆرە تاييانە تاييێكى تر هەلَبژيَريَتو بەرەو مۆديَلە كوشندەكانى شويَنە دورەدەستەكانى ديموكراسيەت بچيَت. لەدەرەوەى ئەم مۆديَلە تەنهايەك ريَگەهەيە ئەويش گەرانەوەيە بۆبيَدەنگىو دروست كردنى موقەدەسى سياسى . لەگەلَ ئەوەشدا  هەنديَك لەو ولأتانە ديموكراسيەتيان تيَدايەو هەنديَكى تريان باوەريان بە عەسكەر تاريەت هەيە وەلَىَ زۆر جار كارى رۆژنامەگەرى ئابرو بردنى كەسانى بەرپرسەو هەندىَ جاريش بەشويَن چاك سازىو ريفۆرمدا دەگەريَن .كەميَكيش لەو رۆژنامانەى كە بە رۆژنامەى ( رەنگ  زەرد)

ناویان دەبرێت ئۆرگانی حزبەکانو کاریان تەنها ستایشکردنی دەسەلاّتو بەرپرسانەو مندالّی گویّ رایەلّو بیّ پرسیارو بیّ گومان دروست دەکەن بۆ سەرلێشیوانی خەلّك لە ڕاستیەکان . ئەم تایپی ڕۆژنامانە لەهیچ کوێی دنیادا خوێنەری باشیان نیەو لای خۆشمان بونەتە جێگەی بێزاری هاولاّتیانو هەرچۆن دێنەناو بازار خۆشبەختانەش بەهەمان شێوە بەدەق کراوەیی دەچنەوە شوێنی خۆیان . لەگەلّ ئەمانەشدا کاری ڕۆژنامەگەری کەم نیە لەهەلّەو کەموکورتی .

جەنابی سەرۆك من دەزانم ئەو چاو پێکەوتنەی من لەسایتی کوردستان نێت زۆر ئازاری بە تۆو کاك کۆسرەتو کاك نێچیرەڤان گەیاند بەهۆی ئەوەی ئێوە بەرزترین دەسەلاّتی ئەم ولاّتەن .وەدیاریش بوو تەناها من لەو سایتانە بەم دوایەوە هەندێك قسەم لەسەر شێوەی ئەم بەرپرسانەی ولاّتی خۆمان کرد ئیدی بەباوەڕی مندالّی خۆم بەباشو خراپیانەوە , بەگوێرەی دەقی هەوالّەکانی کەنالّەکانی ڕاگەیاند گوایا ناچار بویت لەکەنالّەکانی ڕاگەیاندن توڕەببیتو توڕەبونەکەشت بگاتە ئەو ئاستەی باسی مندالّی خۆمو قورسایی باوکم بکەیت لەچاو بەرپرسەکاندا .

من هەموو ئەو قسانەی تۆم قبولّە . چ وەك سەرۆکێکی هەرێم کە بەسەرۆکی خۆم دەتزانم چ وەك باوکێك کە هێشتا یەکترمان نەبینیوە . بەلاّم مادام سەرۆکی هەرێمیتو دەنگم پێدایت کەببیت بەسەرۆکم واتە قبولّمە لەشوێنێکیشدا توڕەببیت لێم . خۆدەبێت مندالّەکان هەندێك جار هەلّەبکەن و لێشیان قبولّ بکرێت . دەبێت باوکەکانیش ئەوەیان لەبیربێت مندالاّن هەمیشە هەلّەدەکەن .لەم ولاّتەدا بەس مندالاّن هەلّەبکەن واتە ولاّتی هەلّەی مندالاّنە , بەلاّم ئەوەی هەلّەدەکات بەمندالاّن گەورەکانن, مندالّەکان گەر هەلّەش بکەن مەترسیدار نیە کێشە ئەوەیە گەورەکان هەلّەدەکەنو زۆر مەترسیداریشە کەس قسەناکات تەنانەت تۆش بێدەنگی جەنابی سەرۆك. ئەو بێدەگیەی تۆش بەرانبەر بەناعەدالەتی بەرپرسان ئێمەی کوشتوە, بەهەرجۆرە زمانێك قسەیان لەگەلّ بکەین وەلاّم نادەنەوە یان باشتر بلّێم زۆرجار گەمەش بەبیرکردنەوەمان دەکەن .

من جاریّ نازانم لەو چاوپێکەوتنەمدا لەسەر بەرپرسانی ئەم ولاّتە کردومە چەند هەلّەم . بەلاّم دەزانم مندالّێکم شتەکان وەك خۆیان دەبینم . گەر لێم قبولّ بکەیت دەلّێم لێگەڕیّ باهەندیّ جاریش مندالّەکان قسەبکەن . شەرت نیە هەموو جار هەرگەورەکان قسەبکەنو قسەکانیشیان جێگەی دەست خۆشی بێت .مادام گەورەکان دەیانەوێت دەرگایەك بکەنەوە بۆمندالاّن دیارە مندالاّنیش پێیان خۆشە زڕنگەی کرانەوەی ئەو دەرگایە ببیستن , هەندیّ جاریش مندالاّن بەهۆی عەجولیانەوە دەچنە ئەودیوی خەتەسووورەکان .خۆناشکرێت ئێمە بەم مۆدێلی دیموکراسیەوە کە دەخوازین ببێتە مۆدێلی عێراقی ئایندە لەسەر قسەی کەسێك کەبەمندالّ تەماشای دەکەین عادز ببین . ئەوەی من کردم جۆرێکە لەئەدەبی کۆمیدی . ئەم جۆرە ئەدەبەش لەهەموو دنیادا باوەو ئەو ولاّتانەش دەیانەوێت بچنە ناو بازنەی دیموکراسیەوە بەردەوام ئەم ئەدەبی کۆمیدیایە تێیاندا سەر هەلّدەدات . هەمیشەش ئەم ئەدەبە لەسەر تاکەکەس بوەو زۆرجاریش بەرپرسانی گرتوەتەوە . هەلّبەتە من نەم

ویستوه سوکایەتی بەکەسەوه بکەمو یان ناکۆکیەکم لەگەڵ کەسێکدا هەبێت حەزبەشکانی بکەم .بەردەوامیش یەکێك بوم لەو کەسانەی حەزم بەڕێزگرتنی ئەو ئینسانانه هەبوه که خەباتێکی پاکیان هەیه , خۆناشکرێ بڕیاربدەین هەرکەس خەباتی هەبوو ئیدی شوێنی قسەلەسەر کردن نیەو کەموکورتی تێدانیه جاگەر ئێمه قسەلەسەر ناشیرینیەکانی خۆمان نەکەین ئەی کێ قسەمان لەسەر بکات ؟ شتێکیش زۆر دڵگرانم دەکات ئەوەیه بەرپرسەکان فێربون هەوڵی شکاندنو ناشیرین کردنی ڕۆژنامەو نووسەرەکانن به تۆمەتبار کردنو گومان خستنه سەر نووسینی نووسەرێك یان هەواڵی ڕۆژنامەیەك که گوایه دەستی شوێنێکی لەپشته ئەمەش پەتایەکی زۆر خراپەو توشی هەندێك بەرپرس بووه لەم ولأتەدا.ئەم جۆره تێڕوانینەی بەرپرسان بەرانبەر به ڕۆژنامه ئازاکانو نووسەره ڕاستەقینەکان کلتوری ڕابڕدوی بەعسەو بۆمان ماوەتەوه . وەڵێ ئەوه دەزانم ئەو کەسەی دەبێته بەرپرس دەبێت چاوەڕێی زۆر شت بکات لەبارەیەوه دەوترێت . جائەگەر بەرپرسەکان تەنها بۆئەوه بونەته بەرپرس ببنه موقەدەس ئەی چی لەو مندالأنه دەکەن باوەڕیان بەموقەدەس نیەو حەز بەشکاندنی موقەدەسەکان دەکەن .

جەنابی سەرۆکم بمبووره تۆ لەقسەکانداله هەواڵەکانی دەزگای ڕاگەیاندن گوایا وتوته (( منداڵێك لەسایتی ئەنتەرنێت دێت قسەلەسەر ئەو بەرپرسانەدەکات کەبەرپرسی وایان تێدایه بەقورسایی خۆیی‌و باوکی خەباتی کردوه )) من ئەم قسەیەم قبوڵه و ڕێزیشی لێدەگرم . بەس تەنها لەتۆ وەك سەرۆکێك .وەك باوکێکیش کەدەنگم پێدایت . بەس کەمێکیش گوێ بۆ ئەم منداڵەی خۆت بگره .

من کیمیایی هەڵەبجەم بەچاوی خۆم بینی . لەبەر دەممدا زۆربەی هاوڕێکانم لای دەرگای قوتاپخانەکەمان خنکان . من کوردم بینی بازنی دەستی ژنه خنکاوەکانی هەڵەبجەی دەبڕی ئەگەر واش نەبوو ئەوه خەڵکی هەڵەبجه شاهیدن . من هەرچی شاخی ئەم ولأتەهەیه هەمویم ئەزمون کردوه. پێشمەرگەم بینیوه بۆنی پێلأوەکانی ڕۆژه ڕێیك ڕۆشتوه . هەرهەمان پێشمەرگەشم لەزەمەنێکی تری جیاوازدا بینی چوارسەیارەی مۆنیکا بەشوێنیدا تەپوتۆزیان بەسەر سەروچاوەخەماویەکەی مندا دەکرد . من زۆربەی ئۆردوگاکانی ئێران شارەزام هەر له ئۆردوگای ( سەریاس, هەزارخانی , سەنغور , بارام ئاوا, جوانڕۆ, کامیاران , هەرسین , سولاسوباواجان , کرمان , دەربەند دزڵی, دوواو ) تاهەموو ئۆردوگاکانی تری ئاوارەی ئێران . من هەموو هەفتەیەك له هیلال ئەحمەری ئێران ئەرزاقم وەرگرتوه . من دەچوم گۆشتی سواڵی ( یەخزەدەم ) وەردەگرت . من سیانزەساڵ پێلأوی لاستیك لەپێمدا بوو . من قوتاپخانەم بەتەواوەتی تەواو نەکرد تەنهالەبەر ئەوەی باوکم خووی دابوویه پێشمەرگایەتی. من شەڕی ناوخۆم هەمووی بینی . هەرله کوشتنی دیلەکانەوه تا گوللەبارانکردنی گەنجەکانی سەر کەپکی حەمەد ئاغاو کلأوقاسمو دێگەڵه . من گەنجێکم بینی لەکۆیه کوشتیان تەنهالەبەر ئەوەی پاڵی بەسنەوبەرێکی سەوزەوه دابوو . من گەنجێکی ترم بینی لەڕانیه تەنهالەبەر ئەوەی لەترساندا دەموچاوی زەرد بووبوو گولله بارانیان کرد . من لەهەڵەبجه

ژنێکم بینی یەخەی خۆی دادڕی و گیانی خۆی خستەدەرەوە لەداخی لولەی تفەنگەکانی حزبێکی کورد . من گەریلای پەکەکەم بینی لەبەرزای شاخی ( شاکێو ) خۆی خستە خوارەوە بۆئەوەی حزبێکی کوردی بەدیلی نەیگرێتو تەسلیمی جەندرمەکانی تورکیای بکات . من چەکداری حزبێکی کوردم بینی ڕیشی پیاوێکی ئیمانداری لەگۆشەی مزگەوتێکدا ئەسوتاند. شەرواڵ کورتێکی کوردم بینی کوردێکی بەدەستەوەبوو سەری‌دەبڕی هاواری دەکرد ئەو کافرە دەبێت بەرەو قیبلە سەری بڕم. من هاولاتیەکم بینی لەسەر سندوقی هەڵبژاردن لەسێدارەیان دا .من پێشمەرگەیەکی دێرینم بینی کرابویە پاسەوانی ماڵی جاشێکی بەرپرسی ئێستە . بێژەری تەلەفزیۆنێکم بینی چوارپارچە زەوی پێبەخشرابو پێشمەرگەیەکی دێرینیش کەلەشەڕدا چاوی لەدەس دابوو پێیان دەووت کوێرە . من کچی شەهیدێکم بینی لەدامێنیا گریانی ئەکوتی و ئەیووت ئەمانە خەریکە تەماحیشمان تێدەکەن . من کوڕی بەرپرسێکم بینی بنێشتی دەمی کچێکی بە (12 ) وەرەقە دەکڕی و کوڕی پاش ماوەی ئەنفالکراوێکیشم بینی بۆمەعاش بوبەپێشمەرگەو لەو کلاو قاسمە کوشتیانو تەرمەکەشیان فڕێدایە خوارەوە . من ناعەدالەتی زۆرم بینی وەلێ هەرگیز توشی عەدالەت نەبوم . لەکۆلانێکی هەڵەبجە منداڵێکی باوك خنکاوم بینی گوڵەبەڕۆژەی ئەفرۆشت و هاواری ئەکرد شەرمەزارم بۆدەسەلاتی کورد.منداڵی بەرپرسێکیشم بینی گەمەی بە نیعمەتی ژیان دەکردلەسەر حسابی ئێمە . من پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتم بینین بۆ چوار کاتوشیا تەسلیم بەئێران کرانەوە . من گەریلای پەکەکەم بینی لەبازاری ئەستەنبوڵ بەدەستی حزبێکی کوردی هەڕاج ئەکرا .

من هەموو ئەو بەرپرسانەم بە جلکی شڕو پێلاوی لاستیکەوە بینی . هەرهەمان بەرپرسم بە ئەوپەڕی سەرمایەوە بینی .من ژنێکی ڕەشپۆشی ئەنفال دیدەم بینی ماڵەو ماڵ ئەگەڕا سواڵی مردنی خۆی دەکرد . من بەرپرسم بینی پارەی قاتی جلەکەی بەری بەشی ژیانی مانگێکی بیست گەنجی ئەم ولاتەبوو .

من هەموو مانگێك کەدەچمەوە بۆهەڵەبجە کۆلانە وێرانەکانی هەڵەبجە دەبینم . من ئەوەندەی دەبابەو تۆپ بارانو کوشتنو ڕاکردنو ترسم بینیوە ئەوەندە ژیانم نەبینیوە . من بەرپرسم بینی لافی کوردایەتی لێدەدا وەختێکم زانی سیخوردەرچوو فایلەکەی بلاو بویەوە . من مستەشارم بینی ژنی کوردی ئەنفال دەکرد کەچی ئەمڕۆ مێژووی کورد ئەو دەینوسێتەوە .من منداڵێکم بینی شانزەساڵە هاتو چۆی زیندانی قەلاچۆلانو ئاکرێ دەکات تا باوکی بدۆزێتەوە کەچی قەت نەیدۆزیەوە . من پێشمەرگەم بینی بۆکورد خۆی دەدا بەکوشت بەلام ئەمڕۆ پەشیمانە لەژیانی ڕابردوی خۆی . من سوپای تورکم بینی گوند بەگوند دەگەڕا بەشوێن کوردا بەهاوکاری حزبەکوردیەکان .من کوردم بینی لەسەر دەبابە بەشوێن کوشتنی کوردێکی تردا دەگەڕا . من سوپای ئێرانم بینی گوللەی دەنا بەسەر سنگی کوڕەکوردێکەوە بەلام جلوبەرگی کوردی لەبەردابوو . من دەزانم زیندانی قەلاچۆلان بۆ پڕبوە لەکوڕی گەنجی ئەم ولاتەو زیندانی ئاکرێ بۆ ئەوەندە بەڕەحمە لەگەڵ زیندانیەکاندا !.من هەموو

ڕۆژێك كە  منداڵەكانی باداواو و سابونكەران دەبینم حەز دەكەم بمرم .كاتێك دەچم بۆگەرمیان جگە لەگریان توشی هیچ نابم.

 جەنابی سەرۆك پێت وایە كەسێك ئەم هەموو شتانەی بینیبێت منداڵ بێت؟  . هەست بەئازار نەكات؟. هەست بەنائومێدی نەكات ؟. هەست بەتوڕەبون نەكات؟ . هەست بەمردن نەكات؟ .پایەدارم ئەوەی باسم كرد بەشێكی منداڵیم بوو بەڵام بانەچمە سەر ئەو ئازارانەی كەباوكم توشی ئێمەی كرد لەسەر پێشمەرگایەتی بۆئەوەی باشتر باوكیشم بناسی بگەڕێوە سەر كتێبەكەی خۆت .

(كتێبی  بارزانی نەمر ) لەیەكێك لەلاپەڕەكانیدا وێنەی هێزی خەباتت بڵاو كردوەتەوە لەناو پێشمەرگەكاندا پێشمەرگەیەكی  بالاّ بەرزی سمێڵ گەورە بەخۆیو تفەنگێكەوە وەستاوەو تۆش بەشانازیەوە ئەو وێنەیەت خستوەتە  ناو كتێبەكەتەوە ئەوە باوكی منە .ئیدی بەلای منەوە هیچ گرنگ نیە بارستای باوكم چەند بەقەد قورسایی بەرپرسێكی ئێستەیە . بەڵام فەخردەكەم بەوەوە كەنەبویە بەرپرسێكی گەندەڵ تائەمرۆ لەشوێنێكەوە قسەی لەسەر بكرێ و منیش تەریق ببمەوە .ئەوەندە دەزانم باوكم لەهەردوو شۆڕشی مەلامستەفای مەزنو شۆڕشەكەی دوای ئەویش پێشمەرگەیەكی سەنگینو بێدەنگو سەركزو هەژاربوە . ئەمەیە گەورەی من .گەورەی من لێرەدایە جەنابی سەرۆك سەیركە  كوڕی چ ئیمپڕاتۆرێكی پاك و بێگەردم كەجێگەی شانازیمە .

زۆرم پێخۆش دەبوو زیاتر لێم توڕەبیت , بۆئەوەی زیاتر بەخۆمدا بچمەوەو هەموو منداڵی خۆمم بیر بێتەوە كە چ ژیانێكی تاعونیم بینی لەسەر پێشمەرگە . دەزانی گەورەم ئێمە ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەچێت بەمەنتیقو عەقڵ بۆیان دەنوسین هیچ گۆڕانێكی نەوعی لەواندا ڕوینەدا , ئێمە داوای كەڵەشێری ئاڵتون لەوان ناكەین بەس دەڵێین كەمێك عەدالەت بپارێزن ئەوان گوێناگرن , نایانەوێت بزانن ئازاری خەڵك چیەو لەكوێدایە , تاناچار دەبین زمانی خۆمان تێك بشكێنین و زۆر لەئاستێكی نزمدا  قسەلەسەر خۆیان بكەین تائازاریان پێبگات و هەست بەئازاری ئەوانی تر بكەن كەچی تاتیرێك بەرخۆیان نەكەوێت نازانن برینی خەڵك چیە بەڵام  هەمیشە چاوەڕێی ئەوەت لێدەكەین هەر هیچ نەبێت هەندێك لەو بەرپرسانە كەبونەتە عەزیەت بۆ ژیانی ئێمە لەسەر كار لایان ببەیتو ئێمەش  لەوتارێكی پڕ لەخۆشیدا دەست خۆشیت لێ بكەین  .باوەڕبكە جەنابی سەرۆك ئەم ولاّتە پڕبوە لەبت .تۆهەوڵبدە هەندێكیان بشكێنی ئێمە بەهەموو باوەڕمانەوە لەگەڵت دەبین .ئەوەتا وایان لێهاتوە  ئێمەش ناوێرین بەجدی قسەیان لەسەر بكەین ناچار دەبێت بەزمانێكی كۆمیدیەوە باسیان بكەین بۆئەوەی زۆر لێمان توڕەنەبنو لەسەر سوچی كۆلاّنێكا بمانكوژن . من لەبیرمە لەسەر قسەیەك ( ئەبوبەكرعەلی ) شاعیریان گوللە بارانكردو  بەشوێن سەیارەدا ڕایانكێشا .

پایەدارم . هەندێك لەمانە بۆئەوە خەباتیان كردوە ئەمرۆ ببنە سەرمایەدارو ئێمەش وەك ڕەعیەت تەماشابكەنو هەركاتێكیش قسەمان كرد منەتمان بەسەردا بكەن كە خەباتیان كردوە . ناشیرینترین شتی شۆڕش ئەوەبوو شۆڕش گێڕەكانی كردە سەرمایەدار . ئەوە بۆ شانزە ساڵ دەچێت ئێمە لەژێر

سێبەری ئەمانەدا ژیانمان لیٚ بوەتە جەهەنەم . هەرچی زەوی هەبوو بۆخۆیان‌و خزمەکانیان دابەشیان کرد . چی پرۆژە هەبوو دایانە دەست ئەو کەسانە کە شەریکی خۆیانن . ئێمە شەوان بەدیار چراوە لەسەدەی بیست‌و یەکدا دادەنیشین کەچی ئەوان ماڵەکانیان ئەڵێی چراخانە . ئێمە خەمی ئەوەمانە چۆن پاروەنانێك پەیدابکەین تابیخۆین کەچی ئەوان خەمی ئەوەیانە مۆدێلەکان درەنگ دەگەنە وڵاتەکەمان . تەنها لەبەر ئەوەی کوڕە پێشمەرگەیەکی هەژاربووین شەهادەکانیشمان نەیخوارد تا دانیشگا تەواو کەین . کەچی کوڕی بەرپرسەکان بەبیٚ شەهادە لەماڵەکەی خۆیاندا تاقیکردنەوەیان ئەنجامداو باشترین شوێنیش وەری گرتن . ئێمە بەقاچاخ چوین بۆ ئەوروپاو گیراین لێرە لەزیندانەکان سوکایەتیمان پێدەکرا کەچی کوڕی بەرپرسەکان بەگرێنتی دەگەیاندرایە هەرولاٚتێك کەپێیان خۆش بوو .ئێمە تائێستەش ترسی ئەوەمان هەیە نەبوینەتە هاولاٚتی تەواوی ئەم ولاٚتە وەلیٚ بەرپرسەکان لە ڕۆژئاواش مافی هاولاٚتی بونیان بۆخۆیان‌و منداڵەکانیان وەرگرت. ئێمە ئەگەر توشی نەخۆشی ژێر پەنجەش بین تا نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بۆمان هەیە بچین کەچی بەرپرسەکان بۆ هەلاٚمەتێك سەفەری دەرەوەی ولاٚت دەکەن . کاتێکیش ناڕازی بین‌و خۆپیشاندانێك بکەین‌و داوای هەقی خۆمان بکەین یا گوللە بارانمان دەکەن یان پێمان دەڵێن ئەوانە دەستی بێگانەن . ئەگەر قسەش نەکەین پێمان دەڵێن بۆداوا ناکەن . ئەگەر داواش بکەین پێمان دەڵێن سەربەکام لایەنن . ئەگەر دەنگیشمان بەرز بکەینەوە پێمان دەڵێن دەم ڕووت‌و هەلپەرست .

ئەوە بۆ شانزەساڵە تەحامولی ئەم هەموو ناعەدالەتیەمان کرد . ووتمان حکومەتمان نیە . ئەوەتا ئێستە حکومەتمان هەیە . ووتمان سەرۆکمان نیە . ئەوەتا ئێستە تۆسەرۆکمانی . تاکەی حاڵی ئێمە وادەبێت بەدەست ئەم بەرپرسانەوە . کەی چارەسەری دەکەن ؟

ئێمە لەم ولاٚتەدا هیچ شك نابەین جگەلەزمانمان کەچی بەرپرسەکان دەیانەوێت تەنانەت ئەوەشمان لێبستێننەوە . دەزانی جەنابی سەرۆك ئەم نووسینەم زیاتر شکایەت کردنە لەوانەی بونەتە هۆی عەزیەت دانی خەڵکی . خۆی لەئەسڵدا تەعریفی بەرپرس واتە ( کەسێك بەشێوەیەکی پاك بەهەموو ماناکانیەوە کاروبارەکانی هاولاٚتیان بەڕێوە دەبات ) یاباشتر بڵێم مەلامستەفای پێشمەرگە دەیوت (بەرپرسان دەبێت خزمەتکاری میلەت بن ) بەلاٚم لای ئێمە ئەم تەعریفە پێچەوانەبوەتەوەو بەهەموو شێوەیەك بونەتە کۆسپ لەبەردەم ژیانماندا .ئەوان هەندێك جار ئەسڵی مەسەلەکان ناگەیەننە تۆ . وەلیٚ ئێمە زۆربەسادەیی دەتوانین زۆر شتت پێبگەیەنین . ئەوان بەرژەوەندیان هەیە . وەلیٚ ئێمە پاکیمان هەیە . ئەوان خەمی دەسەلاٚتیانە . وەلیٚ ئێمە خەمی ئەنفال دیدەکانمانە .ئەوان لەسەر کەلاکی ئێمە دەژین . بۆیە ئێمەش بەتوندی قسەیان لەسەر دەکەین . ئەوان چەندین ساڵە تانەو تەشەرمان لێدەدەن ئێمە قسەناکەین . کەچی جارێك ئێمە تانەیان لێدەدەین پەنا بۆ هەموو شتێك دەبەن . ئەوانبون ئێمەیان فێری یەکتر کوشتن کرد . ئەوانبون ئێمەیان والێکرد هیچ ئینتیمایەکمان بۆنیشتیمان‌و خاك‌و کورد بوون نەمێنێت . ئەوانبون فێریان کردین چۆن ڕقمان لەیەکتری بێتەوە .

ئەوانبون پێیان وتین چۆن ڕەنگی سەوز دوژمنەو ڕەنگی زەرد بکوژە . ئەوان چەندین ساڵە ئازارمان دەدەن ئێمە بەرگەمان گرت . کەچی ئێمە یەکجار ئازارمان دان چونکە دڵیان ناسك بوەتەوە بەرگەی هیچ کەس ناگرن .ئێمە لەم وڵاتەدا شوێنێك شك نابەین تێیدا بحەوێینەوە کەچی ئەوانی بەرپرس بەماڵی ناو شارەکانیش ڕازی نین و خەریکی دروست کردنی ڤێلان . ئێمە نازانین چۆن سەری مانگ دێت و چۆن سەرەتای ساڵ دەس پێدەکات . کەچی بەرپرسەکان بەهۆی لەزەتی ژیانیانەوە حەزدەکەن مانگ ببێتە سەد ڕۆژو ساڵیش ببێتە بیست مانگ. ئێمە تالەشوێنێك وەك کارمەندێك دامەزراین تەسکیەی دە شوێنیان پێهێناین . بەلأم بۆ منداڵەبەرپرسەکان دامەزراندن عەیبەیەکی گەورەیە ئەوان کەی پێویستیان بە مەعاشی حکومەت هەیە . ئەی باشە ئەم هەموو سەیارەو قەسرو سەرمایەیان لەکوێ بوو؟ بۆ جاران هیچیان نەبوو ؟ ئێستە بەچی پەیدایان کرد ؟ بۆ هەمووشتێك بۆئەوان ڕەوایەو بۆئێمە ناڕەوا ؟ بۆ ئەوان دەتوانن پێمان بڵێن دەستی بێگانەو ئێمە نەتوانین قسەیەك لەبارەی ئەوانەوە بکەین ؟ بۆ بۆئەوان ڕەوایە پێمان بڵێن ئاژاوەگێڕ , هەرزەکار , موڕاحیق , هەرچی و پەرچی ,سەرلێشێواو , بەس بۆئێمەنیە باسیان بکەین ؟

جەنابی سەرۆك بمبوورە داوای لێبوردن لەخۆت و کاك کۆسرەت و جەنابی سەرۆکی حکومەت کاك نێچیرەڤان دەکەم ڕەنگە ئەو چاوپێکەوتنەم زیاتر ئازاری ئێوەی دابێت . ڕاستیەکەی پێم خۆش نیە بەهیچ شێوەیەك ئازاری کەس بدەم لەگەڵ ئێوەشدا کە گەورەترین دەسەلأتی ئەم وڵاتەن و بەشێکی زۆری بەپرسیاریەتی کەوتوەتە سەر شانی ئێوە, حەتمەن ئەو بەرپرسانە لەژێر دەسەلأتی ئێوەدا ئەم ناعەدالەتیە بەرهەم دەهێنن . بەس دەکرێت هەندێك جار ئێوەش هەست بەئازاری ئێمەبکەن .ئەگەرنا ناچار دەبین زیاتر ئازاربەخشین و چی گەنجی ئەم وڵاتەهەیە لەدژی ئەو ناعەدالەتیە هەستێنینە سەرپێ , لەتەحامولدا نەماوە ئەم هەموو بەرپرسە کە هەریەکێك لەشوێنی خۆیەوە داوای خودایەتی بکات و ئێمەش بەبێدەنگ بەدیاریانەوە دانیشین . بەسە ئیتر لێیان قبوڵ مەکەن چونکە ئێمە قبوڵمان نین . ئێوە پێویستە زیاتر کاربکەن بۆ شکاندنی ئەم هەموو بتە . گەروانەکەن ناچار منداڵەکان بەزمانێکی زۆر کۆمیدیانەوە تێکیان دەشکێنن و ئەو تێکشکاندنەش دەبێتە هۆی ئازار دانی ئێوەش . ئێوە کەی کەسێکتان لەسەر گەندەڵی لابردوە تائێمە دەستخۆشیتان لێنەکەین . کەی بوە بڵێن پاکسازی دەکەین تائێمە چەپڵەتان بۆلێنەدەین . چ کاتێك ڕیفۆرمتان کردوە تائێمەلەگەڵتاندانەبین . باوەڕم وایە تائازاری ئەنفالکراوێك لەگیانمدامابێت قسەلەسەر دەسەلأت دارانی ئەم دەڤەرەدەکەم . تا هەست بە ڕوخانی گەڕەکێکی شاری هەڵەبجەبکەم بێدەنگ نابم لەناعەدالەتی ئەم بەرپرسانەی وڵات . تا دڵتەنگی جامانەبەسەرێکی بارزان لەپێش چاومبێت لە ئۆردوگاکانی بەحرکەو دڵخۆشی جاشێك ببینم لەسەر کورسی دەسەلأتی کوردا من ئازار ئەبەخشمە دڵی ناعەدالەت . ئیدی ئەو ناعەدالەتیەش جگەلەبەرپرسان لەهیچ شوێنێکی تردا نابینم. حەتمەن ئەو قسانەی ناو چاوپێکەوتنەکەم سەبارەت بەبەرپرسان لەم ئازارانەوە هاتوون کەلەم نووسینەدا هەستی پێدەکەن .